**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٥٧٥ لە ٢٠١٦/١/٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣برگە/١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و(برگە/١ لە بەشی (٣٤- پیادەکردنی حوکمەکانی یاسای هاتوچۆ) لەیاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ و لەبەر زۆر بوونی دیاردەی جام رەشکردنی ئۆتۆمبێل و بەکارهێنانی تابلۆی ژمارەی ئۆتۆمبێلی ساختە لەلایەن هاووڵاتیان و فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە گشت دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەزگا ئەمنییەکان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بەدەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە:

**بەیانی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٦**

**نەهێشتنی دیاردەی جام رەشی ئۆتۆمبێل و سەرپێچییەکانی تابلۆی ئۆتۆمبێل**

**یەکەم:**

دەستبەسەرداگرتنی گشت ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە جام رەش کراون بەبێ رەچاوکردنی یاساو رێنماییەکان وکردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستەو ناردنیان بۆ دادگای تایبەتمەند.

دەستبەسەرداگرتنی گشت ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هەڵگری تابلۆی ساختەن یان ئەوانەی دەستکاری ژمارەی تابلۆکانیان کردووە و کردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستەو ناردنیان بۆ دادگای تایبەتمەند بەتۆمەتی ئەنجامدانی ساختەکاری (التزوير).

دەستبەسەرداگرتنی گشت ئەو ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلانەی کە هەڵگری تابلۆی کاتین و ماوەی تۆمارکردنیان بەسەرچووە تاکو ئەنجامدانی رێککارەکانی تایبەت بە تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل بەپیی یاساو رێنماییەکانی هاتووچۆ.

دەستبەسەرداگرتنی گشت ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هەڵگری تابلۆی پارێزگاکانی تری عێراقن جگە لە سێ پارێزگاکەی هەرێم و باجی هاتووچۆیان لەناو هەرێم رێکنەخستووە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ تاکو باجی هاتووچۆ رێکدەخەن.

دەستبەسەرداگرتنی گشت ئەو ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلانەی کە بێ تابلۆن و کردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستەو ناردنیان بۆ دادگای تایبەتمەند بە تۆمەتی سەرپێچی کردنی یاساو رێنماییەکان.

دەست بەسەرداگرتنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هەڵگری تابلۆی بیانین کەماوەی هاتنەژوورەوەیان بەسەرچووە و بەڵێننامە لە خاوەنەکەی وەربگیرێت کە لەماوەی (١٠) رۆژدا لە رێکەوتی دەست بەسەرداگرتنی بیگەڕێنیتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتووە بە پێچەوانەوە بەپێی یاسای (مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆتۆمبێلانەی دەست بەسەرداگرتوو و جێهێشتوو – قانون التصرف في المركبات المحجوزة و المتروكة) ژمارە (٨)ی ساڵی (١٩٨٧) رێوشوێنی یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت.

**دووەم:**

**هەر فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەندێکی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگەو ئاسایش ئەو سەرپێچییانەی لە بڕگە(یەکەم)ی سەرەوە هاتووە ئەنجامبدات بەپێی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو و یاسا کارپێکراوەکانی سەربازی لە هەرێمی کوردستان سزا دەدرێن لە ڕێگای پێکهێنانی لیژنە و ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە سەرەڕای ڕێککارەکانی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە.**

**سێیەم:**

**ڕەزامەندی ڕێگەپێدانی ئۆتۆمبێلی جام ڕەش تەنها لە وەزارەتی ناوخۆ دەردەچێت بۆ حاڵەتی زۆر تایبەت وەك ئۆتۆمبێلەکانی دبلۆماسی و قونسلگەری و چەند حاڵەتێکی تایبەتی تر و ناکرێت هیچ دەزگایەکی تر جگە لە وەزارەتی ناوخۆ ئەم ڕێگەپێدانە دەربکات.**

**چوارەم:**

**پێویستە لەسەر مەفرەزەکانی هاتووچۆ و خاڵەکانی پشکنینی ئاسایش و خاڵەکانی پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی ئامادە کە لە ناو شارەکاندا جێگیرکراون و خاڵە پشکنینە کاتییەکان ئەم بەیانە جێبەجێ بکەن بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ پلەو پایەیەکی سەرپێچیکار.**

**پێنجەم:**

**پەڕاوی لێکۆڵینەوە لەلایەن بنکەکانی پۆلیسەوە بەپێی تایبەتمەندی شوێنەکە (الاختصاص المكاني) ڕێك دەخرێت.**

**شەشەم:**

**ئەم بەیانە لە ڕۆژی بلاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) کاری پێ دەکرێت.**

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**